**Kurdisk**

کوردی

# دەستەی (کۆمیتەی) بێگانەکان (UNE) بەم جۆرەیە

ئەم (UNE) یە وەك و دەستەیەکی ئۆرگانی جێ بەجێ کردنی دادگایی یە بۆ بێگانەکان، ئەو ناڕەزاییانە جێ بەجێ ئەکات (بەسەریا ئەچێتەوە) کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بێگانەکان (UDI) دراوە بەگوێرەی یاسای بێگانەکان.

دەستەی بێگانەکان (UNE) لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و ناوچەییەکان بەڕێوە دەچێ . وەزارەت بەگوێرەی یاساو نووسراوو بودجەو بابەتی گرنگی تەرخان کراو دەجولێتەوە، بەڵام ناتوانێت ڕێ نیشاندانی بکات کە ئایا یاسا بەچی جۆرێك لێك بداتەوە (بەکاربهێنێ)، بڕیار بەگوێرەی (عەقڵ و مەنطق) یان بڕیاردان دەربارەی کەسێك.

دەستەی بێگانەکان (UNE) ئەم جۆرە کێسانە جێ بەجێ ئەکات: پەنابەری (لجوء)، هێنانی خاوخێزان، مۆڵەتنامەی جێگیربوون (اقامە)، مۆڵەتنامەی کار، دوورخستنەوە لە وڵات، دەرکردن و ڤیزا پێدان.

دەستەی بێگانەکان زیاتر لە (١٠٠) فەرمانبەری هەیە، لەمانە (١٦) سەرۆك دەستەن بە پلەی دادیاری (حاکم). سەرەڕای ئەمانەش (٥٠٠) دەست ڕاستی حاکم هەن کەبەخۆشی خۆیان بە ئەندام هەڵبژێردراون (کەسانی ئاسایی کۆمەڵن).

دەستەی بێگانەکان (UNE) ئەتوانێت بە چەندین جۆر بڕیاری کێسەکە بدات. بڕیار ئەتوانرێ بدرێ لەکاتی کۆبوونەوەی دەستەکە بە ئامادەبوونی کەسەکە خۆی، یان بەئامادە نەبوونی کەسەکە، بە ئامادەبوونی تەنیا سەرۆکی دەستەکە خۆی وە هەروەها خۆی لەگەڵ سکرتاریەت دا، سەرۆکی یەك دەستە بڕیاری جۆرە تاکە کێسێك ئەدات وە ناتوانرێت دژ بە بڕیارەکە ناڕەزایی دەرببڕدرێت. بەگوێرەی یاسای بێگانە ئەو کێسانەی کە ئە گەر گومانی (شك) ی جدیان تیانەبێ ئەتوانرێت بەبێ کۆبوونەوەی دەستەکە بڕیاری لەسەربدرێت، ئەمەش واتە هەم لەلایەن سەرۆکی دەستە یان سکرتاریەت. ئەمەش بۆنموونە کاتێ کە کێسی وا ڕوون و ئاشکرا هەبێ کە بتوانرێت یاساو نووسراوی بۆ بەکاربهێنرێ و بگونجێت. خۆی لەڕاستیدا ئەو کێسانەی کە بەڕاستی جێ ی گومانن پێویست بەوە ئەکات لە کۆبوونەوەی دەستە جێ بەجێ بکرێن (بڕیاری بۆ بدرێن).

لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی دەستەکە ئەوکەسە خۆی (شکایەت کەر، پەنابەر) ئامادە دەبێت. بەڵام کۆبوونەوەی

دەستەش هەن کە شکایەت کەر داوا ناکرێت ئامادە بێت، ئەمەش لەکاتێکدا کە شکایەت کەرو بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بێگانەکان (UDI) ڕازین لەسەر بناغەی ڕاستیەکان/ڕووداوەکان، مەبەست لەمەش دا ئەوەیە کە ڕوون کردنەوەی شکایەت کەر وەکو بناغەیەکی کێسەکە بەوشێوەیەش ناردراوە بۆ دەستەی بێگانەکان، ئالەم کاتەدا کۆبوونەوەکە ئەکرێت بەبێ ئامادە بوونی شکایەت کەر. ئامادە بوونی شکایەت کەر لەکاتێکدا پێویستە ئە گەر شکایەت کەر بتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر کێسەکە (دەربارەی کێسەکە شت باس بکات). لە کۆبوونەوەی دەستەی بێگانەکان یەکێك لە سەرۆکی دەستەکە بەشدار ئەبێت لەگەڵ دوولە ئەندامانی دەستەکە (هاووڵاتی ئاسایی).

سکارتاریەت لە دەستەی بێگانەکان بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی کێسەکان کەلە کۆبوونەوەکاندا بڕیاری لەسەر ئەدرێت. سەرۆکی دەستەکە نووسراوی کێسەکە بە ئەندامی دەستە نیشان ئەدات پێش کۆبوونەوەکە.

کەس بۆی نی یە بچێتە کۆبوونەوەکە بێجگە لەو کەسانە (کۆبوونەوەکە بەشێوەیەکی داخراوە ،مغلق).

کۆبوونەوەکە بە ڕوونکردنەوەیەکی پێناساندن دەربارەی کێسەکە دەست پێ دەکات، وە هەروەها باسی نووسراو و بڕیاردان لەسەر یاساو نووسراوی تایبەت بە بێگانەکان و پرسیارە هەرە گرنگە کان ئەکرێت، لەو کێسانەی کە شکایەت کەر خۆی ئامادە ئەبێت، شکایەت کەرەکە بۆی هەیە زانیاری ڕاستی و هەڵسەنگاندن دەربارەی کێسەکەی بدات وە ڕێگا ئەدرێت پرسیار لە شکایەت کەر بکرێت. بە پارێزەری داواکەر(محامی) یابلێین قسەکەر لە جیاتی شکایەتکەر بۆی هەیە کورتەیەك لە سەر کێسەکە باس بکات. ئەو کێسانەی کە جێ بەجێ ئەکرێت لە کۆبوونەوەی دەستەی بێگانەکان، بەشی زۆر (اکثریت) بڕیاری لەسەر ئەدات.

وەڵام بەهیچ جۆرێك ناگۆڕێت نەبە بەڕێوەبەرایەتی نەبە میری(حکومەت) وەنەبە سەرۆکی دەستەی بێگانەکان (بڕیاردانەکە ناتوانرێت بگۆڕدرێت).